# ديموكراسييەكەی كاك بەختيار كورتی هێنا

عەلی مەحمود محەمەد

ماوەيەك لەمەوپێش زنجيرە وەلاَمێكم لە سايدەكانی ئەنتەرنێت بلاَوكردەوە لەسەر زنجيرە ووتارێكی كاك مەلا بەختيار كە هێشتا درێژەی هەيە سەبارەت بە چين . 4 بەشی هەمان بابەتم بۆ رۆژنامەی چاودێر نارد كە كاك بەختيار سەرپەرشتی دەكات , خۆش بەختانە بەشی يەكەمی لە ژمارە 18ی رۆژنامەی ناوبراو بلاَوكرايەوە ( لينكەكەيم لە خوارەوە بلاَو كردۆتەوە) . دەست خۆشيم بۆ ستاف رۆژنامەكە نارد و بە هەنگاوێكی پۆزەتيفم زانی لە ژيانی رۆژنامەنوسی حيزبی كورديدا , ديارە ئەمەش بسملای كاری پارتێكی سۆسيال ديموكراتە پێويستە جێبەجێی كات نەك سەدەقەلاَ . پارتە سياسييەكان كوردستان تا ئێستا گوێی ديموكراسييەتەكەيان وا بە قرقۆشم ئاخنيوە نوزەی رەخنە گرتنی تێدا نەبيسترێت . بەلاَم بە داخەوە , سەد داخ و مخابن لەم ئەزمونەشدا ديموكراسييەتە سۆسيال ديموكراتييەكەی كاك بەختيار شكستی خوارد ونەيتوانی لە بەشی يەكەم تێپەرێنێت , وابزان ئەوەل و ئاخر جاريش دەبێت , لە بەشی دووی بابەتەكە كورتی هێنا و بەشەكانی كە خۆيان لە مەحرەقەی كۆنترۆلَەكەی چاودێردا بينييەوە . لە كاتێكدا كاك بەختيار بەرپرسی يەكەمە لەو رۆژنامەكەو بابەتەكە وەلاَمە بۆ ئەو ,مەگەر نازانێت ئەمە زۆر لەسەری دەكەوێت , سوار بوون ئەگەر عەيبێك بێت ئەوا دابەزين دەبلَە .ئەمە لە كاتێكدا لەو وەلاَمەدا لە گولَ خراپتری پیَ نەوتراوە , بە شايەدی هەموو ئەوانەشی خوێندويانەتەوە بە وانەشەوە لە ئابوری سەريان دەرەچێت , بابەتێكی مناسبە و لە روی زانستی بوونەوە گۆشتاوی دەخورێت و شياوی بلاَوكردنەوەيە لە رۆژنامەوانی كوردی , دەبوايە كاك بەختيار ئەگەر كاتی وەلاَمدانەوەشی نەبوايە, يان توانای بەسەر بابەتەكەدا نەشكايە, بەدوای نوسەرێكا بگەرايا بۆ وەلاَمدانەوە , لەو هەموو نوسەرەی مانگانە سەدەقە وەرەگرن لە دەزگاكەی . لەو ووتارەدا بەو كوردييە خوارو خێچەی خۆمەوە , بەو توانا كەمەی هەمە , هەندێك هەلَەم بۆی چاككردۆتەوە ,ئەوەش تەنها لە دلَسۆزيمەوە بۆ بەرێزی بووە , تەنها لە پێناو ئەوەی جارێكی كە دوبارەيان نەكاتەوە , كەشكیَ من دلَسۆزێكی وام لیَ پەيدا ببوايە , جار جارە كوردييە عەشايەرييەكەی بۆم راست بكردايەتەوە .

دەمتوانی سەرتاسەری ئەو نووسينەی بەرێزی بدەمە بەر رەخنە , بايی دەيان ووتار كۆزەری رەخنەگرتنی لێبگرم , كردنی هەلَەكان تاوانی من نييە , لە كاك بەختياريشەوە ئەوەندە فێر بوومە , رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن بۆ پێشكەوتن پێويستە . دەبوايە كاك بەختيار دەمی لە بابەتێك نەدايە شارەزای نييە , ئەوە تاوانی خۆيەتی . وەلاَمدانەوەكە تا ئێستا 6 بەشی لیَ بلاَو كراوەتەوە و 3 بەشی ديكەش بە رێوەيە , ئەگەر كاك بەختيار بخوازێت و بلاَوی كاتەوە , تا 60 بەشی ديكەش دەتوانم درێژەی بدەمیَ .

باشە ئەگەر چاودێر كورت بێنێت , ئەبێت بێچاوەكان چی بكەن قور بەسەر ديموكراتييەكەمان ؟؟؟.

http://www.madaniat.org/Chawder/Chawder18/L13.pdf